# نیانترین هەناسە

حەیدەر جەوهەر



هاوڕێم.. ئەی بەنرخترین و نیانترین هەناسە
ئەی ئەو هەتاوە قژ پاییزییەی نێو ئاسمانی ڕۆحم کە بەیانییانی
پڕ لە سەفا.. ئێوارانی خامۆش.. شەوانی برژانگ پڕ لە
ماسکارا بەنازەوە لەناو ڕستەکانم هەڵدێی..
ئەی بەهاتر لەو چرکە لیمۆییانەی تەمەن کە فریشتەیەکی
نەناس لە درەختی ژیان دەیڕنێ ..
ئەی ئەوەی ڕۆژێک بووم لە هەفتەکانت لە ئامێزی چاوەڕوانیدا
قژی ڕەشی ڕۆژەکانم سپی بوو
وای هاوڕێم.. چەنێ جوانبووین کە چەشنی ئەمیری کۆشکەکان
بەدەم دانیشتنێکی شەرمن شەرمن
لەتەک یەکدا لالنگی خۆشەویستیمان بەئاو و سۆز پاک
دەکردەوە..
دڵۆپ دڵۆپ نازمان بەسەر لەحزەکانی ئاسوودەییدا دەڕژاند..
لەدوای خۆمان قفلمان لە دەروازەی پەلکەزێڕینە دەدا..
سەفەری پڕ لە سەفامان بەراڕەوەکانی بەختەوەرییدا دەکرد
بەسەر پردی دووڕئاسای خەندەوە دەپەڕینەوە بۆ ماڵە
ئاوێنەییەکانی ئۆپێرا...
لەناو تەمەنی نازکی ئومێددا ئەڵماسی پاکیزەییمان کۆدەکردەوە
من پرسیارم لە پیرێتی خەندەی سەر لێوت دەکرد
تۆ پرسیارت لە پیریی سۆزی نێو نیگاکانم
من دەسماڵی تۆم بەهەنییەی بەدگومانیدا دەبەست
تۆ دەسماڵی قەدەرت دەخستە ژێرباڵی موعجیزە درەنگەکان
من دواهەمین کتێبی حیکمەتەکانی ئەڤینم هەڵدەدایەوە
تۆ بەسیمایەکی وەک وەرزەکان غروور بەسەر خاکە پرشنگەکانی
جوانیدا تێدەپەڕی

من شەونمی حەرفەکانی تەنهاییم لەسەر گیا
سەوزەکانی تەمەن دەتەکاند
تۆ ناوی خۆت لە لیستی جێنشینی کامپەکانی وەهم
دەکوژاندەوە
وای خەونەکانت چەند سەوزتربوون لە ماچە
ڕژاوەکانی سەر گەڵای وەرزە بەهارییەکان
وای کە لەهیکرا تۆ باوەڕت بەدووریی و کۆچ هێنا
حەیف منیشت بێ ناز خستە سەر تەریقەتی تەنهایی
خودایە چیبوو ئەو دەریای نائومێدییە بەکەناری
ئاییندەوە
ئەمێستاش لەنێو زریانی تەنهاییدا لەدوور دوورەوە
کەڤاڵی نزیکی خۆم لە تۆ دەکێشم
ئەی ئەو کچە بارانییەی هەمیشە بارانی یادەکان
بەسەرمدا دەبارێنێ